Research Center

19-09-2021

# ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستان عێراق

19-09-2021


### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو,مەحموود بابان



**کورتە** : دامەزراوەی فریزەری کەنەدی و دامەزراوەی کەیتۆ ئەمریکی 25مین راپۆرتی ساڵانەیان لەبارەی ئازادی ئابووری لە جیهان بڵاوکردەوە، کە تێدا هەڵسەنگاندن بۆ رەوشی ئازادی ئابووری 165 دەوڵەت و ئیدارەی سەربەخۆ کردووە، لەنیویاننددا چاپتەرێکی تایبەت کراوە بە ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق و بە ناونیشانی (رەوشی دامەزراوەکان بۆ ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق ) بڵاوکردووەتەوە. بەپێی پێرستەکەی EFW هەرێمی کوردستان 5.15 نمرەی وەرگرتووە، لە راپۆرتەکەدا هەڵسەنگاندنی بۆ پێنج بەشی سەرەکی کردووە، قەبارەی حکومەت، سیستمی یاسایی و مافی موڵکداری، پارە، ئازادی بازرگانی نێودەوڵەتی و رێساکان.

دامەزراوەی فریزەری کەنەدی و دامەزراوەی کەیتۆ ئەمریکی 25مین راپۆرتی ساڵانەیان  لەبارەی ئازادی ئابووری لە جیهان بڵاوکردەوە، کە  تێدا هەڵسەنگاندن بۆ رەوشی ئازادی ئابووری 165 دەوڵەت و ئیدارەی سەربەخۆ کردووە، لەنێویاننێدا چاپتەرێکی تایبەت کراوە بە  ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق و  بە ناونیشانی (رەوشی دامەزراوەکان بۆ ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق ) بڵاوکردووەتەوە. بەپێی پێرستەکەی EFW هەرێمی کوردستان 5.15 نمرەی وەرگرتووە، لە راپۆرتەکەدا هەڵسەنگاندنی بۆ پێنج بەشی سەرەکی کردووە، قەبارەی حکومەت، سیستمی یاسایی و مافی موڵکداری، پارە، ئازادی بازرگانی نێودەوڵەتی و رێساکان.

**نژدار سەعدولا خالد ـ لیکۆڵەری ئابووری و قوتابی  دکتۆرا لە زانکۆی ئیرلانگن ـنورنبێرگ**

RRC |

و. مەحموود بابان|

[رەوشی دامەزراوەکان بۆ ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستان عێراق]

**سەرەتا**

میزۆپۆتامیا کۆنترین ماڵی شارستانی جیهان بووە، زۆرێک لە مێژوونوسان باوەڕیان وایە لەسەر بنەمای ئابوورییەکی بازاڕی ئازاد دامەزراوە (سەننەدەجی، 2018). عێراق بە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە دەکەوێتە دڵی مێزۆپۆتامیا کە لە ئێستا بەدەست لاوازی ئابووری، سیاسی و دامەزراوەیی و رەخنەییەوە دەناڵێنێت. ئابووریی عێراق بە یەکێک لە کەمترین ئابوورییە ئازادەکان و هەروەها بە یەکێک لە گەندەڵەکانی جیهان دادەنرێت (گوارتنی، لاوسۆن، هال و مۆرفی، 2020؛ شەفافیەت نێودەوڵەتی، 2020). چەندین هۆکار رێگربوون لە گەشەپێدانی دامەزراوەکانی پشتیوانی لە ئازادی ئابووری، لەوانەش ئاستەنگە مێژووییەکانی پەیوەست بە میراتی کۆلۆنیاڵ و سیاسەتەکانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و نائارامی سیاسی و ئابووری، هەروەها ئاستەنگی کۆمەڵایەتی.

ئەم بەشە (چاپتەر) هەوڵدەدات دۆخی دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستان عێراق شیبکاتەوە. گرنگی رۆڵی بنچینەیی ئازادی ئابووری لە گەشەپێدان و دەستپێشخەریی تاکەکەسی و کارگێڕی و ئاڵوگۆڕی خۆبەخشانە و ئازادی ئەنجامدانی بازرگانی (بزنس)، کە دواجار دەبێتەهۆی گەشەی ئابووری درێژخایەن وحکومڕانی باش و دیموکراسی بخاتەڕوو (هال و لاوسۆن، 2004). ئەم لێکۆڵینەوەیە گوزارشت لە هەوڵێکی سەرەتایی بۆ بنیاتنانی پلەبەندی ئازادیی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات. بۆ ئەم کارە، نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەی لە پەرەسەندنی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەو کۆسپانە کردووە کە رووبەڕووی دەبێتەوە. میتۆدی ئەو ئیندێکسەی کە لە ئازادی ئابووری جیهان بڵاوکراوەتەوە Economic Freedom World بۆ خەمڵاندنی رێژەی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەکاردێت.

هەرچۆنێک بێت، لێکۆڵینەوە لە ئازادیی ئابووری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئاڵۆزییەکانی پەیوەندی سیاسی و یاسایی و ئابووری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق زەحمەتە. هەروەها، نەبوونی لێکۆڵینەوە و داتا، زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی ئابووری لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق ئازادی ئابوورییان پشتگوێ خستووە، بەڵکو لیکۆڵینەوەکان فۆکووس دەخەنەسەر هۆکارەکانی چەندییەتی و چۆنیەتی بەرهەمهێنان وەک دەرخەری گەشەپێدان و گەشەسەندنی ئابووری.

لەوەش زیاتر، لەماوەی ساڵانی 1991 ـ 2003دا هەرێمی کوردستانی عێراق دەوڵەتێکی دابڕاو و نەناسراو بوو، لەگەڵ دابەشبوونێکی سیاسی و ئابووری لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و باقی عێراق (گۆنس، 2019: 28-33). لەگەڵ ئەوەشدا، دوای داگیرکردنی عێراق بەسەرۆکایەتی ئەمریکا و پەسەندکردنی دەستووری عێراق لەساڵی 2005دا، کوردستان وەک هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆی ناو عێراق ناسێنرا. دەستوور لە ماددەکانی 114، 115، 117، 120، 121 و 141 دەسەڵاتی فیدراڵی فراوانی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان KRI بەخشی و هەردوولا لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە زیاتر گشتگیر بوون. هەرچۆنێک بێت، ئەو داتابەیسانەی حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا بڵاویکردۆتەوە، داتاکانی لەبارەی زۆربەی چالاکییە ئابوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێدا نییە و  نایگرێتەوە (نەجمەدین نووری، 2016، 1-3).

چەندین لایەنی جیاوازی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەلایەن عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتی یاسا و رێساکانی پەیوەست بە کەرتی تایبەت و بازرگانی و وەبەرهێنان و باج و بازاڕی کار و سامانە سرووشتییەکان و ئەنجامدانی بازرگانی و ئازادی ژنان، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە عێراق کراوەترە. هاوکات،  هاوئاهەنگییەک لەرووی سیاسەتی دراو و بودجەی گشتی لەنێوانیدا هەیە، لەم دواییەشدا هاوئاهەنگی لەبارەی گومرگ و هەندێک یاسای گشتی دیکەوە هاتە ئاراوە (ئاوزەر، 2017: 2- 3). بۆیەش راپۆرتەکانی ئازادی ئابووری کە جەخت لەسەر ئابووری عێراق دەکاتەوە، رەنگدانەوەی پلەبەندی ئازادی ئابووری لە حکومەتی هەرێمی

کوردستان نییە.

لە بەشی 2ی ئەم لێکۆڵینەوەیە خەمڵاندنی ڕێژبەندی ئازادی ئابووری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکێشدەکرێت. بەشی 3 بنچینەکانی دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەپشکنێت و، بەشی 4یش رووبەری ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە و بەشی % بەها و نۆرمەکانی بازاڕ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکێشدەکات و بەشی کۆتایی پێداچوونەوە بە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەکات.

## 2. پلەبەندی ئازادی ئابووری خەمڵێنراو بۆ هەرێمی کوردستان عێراق

پێوانەکردنی (پلەبەندیکردن) ئازادی ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ دابینکردنی پێوەرێکی باوەڕپێکراو و پێوانەکردنی بابەتی سیاسەتی ئابووری زۆر گرنگە، یارمەتی بڕیاربەدەستان و خەڵکی دەدات بۆ جیاکاری لە نێوان ڕێفۆرمی پاشکۆی کە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی دەخاتە دەستی نوخبەیەکی دیاریکراو  یان ریفۆرمی راستەقینە کە دەبێتە هۆی درووستکردنی خۆشگوزەرانی نوێ، کارسازی و پیشەی نوێ لەرێگەی کردنەوەی هەلی کار و بازرگانی بۆ هەموو کەسێک کە گرنگ نییە کێ دەناسێت (ئیسماعیلی، بوساعیدی، سێرڤانتس و ماکماهۆن، 2018). سەرەڕای ئەوەش، پێوانەکردنی ئازادی ئابووری، داتای رەخنەیی لەسەر ئاستێ ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستان عێراق دابیندەکات لە ئێستدا و لە کوێدا باشبوون بەدیدەکرێت و لە کوێدا سیاسەتەکان سەرکەوتوو بوون، هەروەکو لە بڕگەکانی دواتردا دەخریتەڕوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیوای هەبووە بۆ بەرزکرنەوەی ئازادی ئابووری، بەلایەنی کەمەوە بۆ ئاستێکی گەورەتر لە عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا، خەمڵاندنەکان دەریدەخەن کە پێویستە کاری زۆر بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستان عێراق.

پلەبەندییەکابی خشتەی 4.1 لە لایەن نوسەرەوە پەرەیان پێدراوە بە بەکارهێنانی میتودی ئیندێکسی ئازادی ئابووری جیهان EFW کە بڵاوکراوەتەوە. بەنزیکەی قسەکردن لەسەر ئێندێکس EFW سێ جۆر داتا لەخۆدەگرێت، یەکەمیان داتای ئابوورین، وەک خەرجییەکانی حکومەت، ڕێژەی داهات و باج، گەشەی پارە، ڕێژەی هەڵئاوسان، باج لەسەر بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕێژەی گومرگ. نوسەر ئەو جۆرە داتایانەی لە سەرچاوە ناوخۆییەکان وەرگرتووە، لەوانە راپۆرتی فەرمی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بانکی ناوەندی عێراق و راپۆرتەکانی بانکی  جیهانی.

جۆری دووەمی داتا پەیوەندی بە یاسا و ریساکانەوە هەیە کە پارێزگاری لە موڵک و مافەکان و ڕێکخستنی بازرگانی، متمانە، بازاڕی کار و بازرگانی ئازاد دەکەن. نوسەر ئەم جۆرە زانیارییانەی لە چەند سەرچاوەیەکەوە کۆکردۆتەوە لەوانە راپۆرتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بانکی کوردستان و بانکی جیهان و ئەل سیقە بۆ مایکرۆفاینانس بەشی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژووری بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەردوو جۆری داتاکە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. سەرچاوە نێودەوڵەتییەکانی ئەم جۆرە داتایانە هەوڵی گرنگ دەبەخشن بۆ درووستکردنی داتای گونجاو بەرێکخستنی رێوشوێنەکان لە سەرانسەری نەتەوەکان. ئەم جۆرە کارە لەلایەن سەرچاوە ناوخۆییەکان لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە ناکرێت. بۆیە داتا لەسەر بنەمای رێکار و گریمانە جیاوازەکان لە نەتەوەکانی دیکەوە دەبێت، هەروەها فەرمانگەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت داتای باوەڕپێکراو و گونجاو دابین بکات لەئەنجامی کیشەی پێکهاتەیی و کارگێڕیی و داراییەوە. هەروەها، حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی دامەزراوەی توکمە نییە بۆ کۆکردنەوەی داتا. هەرچۆنێک بێت، ئەم راپۆرتە هیوا دەخوازێت ئەم ژماردنانە نزیککردنەوەیەکی باش بۆ چۆنیەتی بەراوردکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئاستی نێودەوڵەتیدا دابین بکات.

جیاوازییەکی دیکە لە ئیندێکسی EFWدا دەگرێتەوە لەسەر بیروبۆچوونی شارەزایان یان لەسەر راپرسییەکان کە لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدەدرێن وەک بانکی جیهانی و فۆریومی پێشبڕکێی جیهانی WCF. کە لەراستیدا ئەم زانیارییانە بەردەست نین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. پلەبەندییەکان و خاڵەکان لە لایەن نوسەرەوە لەسەر بنەمای شێوازی تۆمار نێودەوڵەتی و لەسەر ئەو چاوپێکەوتنانەی لەلایەن نوسەرەوە ئەنجامدەدرێن دەژمێردرێن. دووبارە، دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەنجامەکان بکرێت.

خشتەی 4.1 پلەبەندی نمرەی خەمڵێندراوەکان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەراورد بە نمرەی عێراق نیشان دەدات، نمرەکانی عێراق لە چاپی 2021ی ئازادی ئابووری جیهان (ئەم بڵاوکراویەوە). پاشکۆی ئەم بەشە زانیاری زیاتر لەسەر سەرچاوەکانی داتا بۆ هەرێمی کوردستان عێراق لە ساڵانی 2019 و 2020 دابیندەکات.

بەگشتی، نمرەی (خاڵبەندی) ئازادی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق هاوشێوەی نمرەی عێراق، دووبارە وریایی پێویستە. یەکەم نیگەرانی (وریای) لە هەموارکردنی مافی یاسایی جێندەر، کە پێوانەی ئەوە دەکات ئایا ئازادی ئابووری ژن و پیاو بەپێی یاسا یەکسانە یان نا (فینک، 2017). ئەمەش بەکاردێت بۆ هەموارکردنی نمرەی نزم لە رووبەری دووەمدا، سیستەمی یاسایی و مافی موڵکدارێتی ئەگەر یاساکانی ئازادی ئابووری ژنان بە بەراورد بەپیاوان کەمبکەنەوە. خاڵەکانی عێراق لە لایەنی جێندەرەوە نزمتر دەبنەوە و رێکدەخرێن.

خشتەی 4.1 نمرەی خەمڵێنراو هەرێمی کوردستانی عێراق (2020) و عێراق (2021) بۆ رووبەر، پێکهاتەکان و پێکهاتە لاوەکییەکانی ئیندێکسی EFW

| **پلەبەندی (نمرە) عێراق 2021** | **پلەبەندی (نمرە) هەرێمی کوردستانی عێراق 2020** | | | |
|---|---|---|---|---|
| **5.55** | **5.15** | **پوختە** | | |
| **5.05** | **3.4** | | | **1. قەبارەی حکومەت** |
| **3.6** | 1.1 | | بەکارهێنانی حکومەت | |
| **7.9** | 1.09 | | گواستنەوە و پارەدان (Subsidies) | |
| **0** | 1.42 | | وەبەرهێنانی حکومەت | |
| **10** | 10 | | بەرزترین ڕێژەی باخی پەراوێز | |
| **8** | 10 | بەرزترین ڕێژەی باجی داهاتی پەراوێز | | |
| **9** | 10 | بەرزترین داهاتی پەراوێز و ڕێژەی باجی مووچە | | |
| **4.8** | | | خاوەندارێتی دەوڵەت لە سەرمایەکان | |
| **3.2** | **3.65** | | | **2. سیستمی یاسایی و مافەکانی موڵک** |
| **5.2** | 0.11 | | سەربەخۆی دادوەری | |
| **3.6** | 5.4 | | دادگا بێلایەنەکان | |
| | 10 | | پاراستنی مافی موڵکدارێتی | |
| **2.5** | 0 | | دەستیوەردانی سەربازی لە سەروەری یاسا و سیاسەتدا | |
| **3.2** | | | دەستپاکی (نەزاهە) سیستمی یاسایی | |
| **4.8** | 7.62 | | جێبەجێکردنی یاسایی گرێبەستەکان | |
| **6.6** | 9.7 | | سنووردارکردنی ڕێکخستن لەسەر فرۆشتنی موڵکە راستەقینەکان | |
| | | | متمانەپێندانی پۆلیس (متمانە بوون بە پۆلیس) | |
| **0.47** | | هەموارکردنی مافی یاسایی جێندەر | | |
| **7.8** | **7.55** | | | **3 . پارە** |
| **8.5** | 9.7 | | گەشەی پارە | |
| **2.7** | 7.52 | | لادانی ستانداری هەڵئاوسان | |
| **10** | 3 | | هەڵئاوسان (تازەترین ساڵ) | |
| **10** | 10 | | ئازادی بۆ خاوندارێکردن لە ئەژماری بانکی دراوی بیانی | |
| **4,8** | **6.23** | | | **4. ئازادی بازرگانی نێودەوڵەتی** |
| **4.9** | 3.06 | | باج | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | داهاتی باجی بازرگانی (٪ ی کەرتی بازرگانی) | 7.2 | **9.7** |
| | | ڕێژەی مامناوەندی باج | 1.5 | **0** |
| | | لادانی ستانداردی ڕێژەی گومرگ | 0.48 | |
| | بەربەستەکانی ڕێکخستنی بازرگانی | | 5.94 | **3.4** |
| | | بەربەستی بازرگانی بێ گومرگ | 3.4 | **6.4** |
| | | تێچووی پابەندبوون بە هاوردەکردن و هەناردەکردن | 8.48 | **0.5** |
| | نرخی ئاڵوگۆڕی بازاڕی ڕەش | | 9.7 | **9** |
| | کۆنترۆڵی جوڵاندنی سەرمایە و خەڵک | | | **1.8** |
| **5 . ڕێساکان** | | | **4.94** | **6.9** |
| | ڕێساکانی متمانە بە بازاڕ | | 2.66 | **9.5** |
| | | خاوەندارێتی بانکەکان | 2 | |
| | | قەرزی کەرتی تایبەت | 0 | **10** |
| | | کۆنترۆڵی ڕێژەی قازانج / ڕێژەی قازانجی راستەقینەی نەرێنی | 6 | **9** |
| | ڕێساکانی بازاڕی کار | | 6.98 | **6.2** |
| | | ڕێساکانی دامەزراندن و کەمترین کرێ | 3.3 | **2.2** |
| | | دامەزراندن و ڕێساکانی دەرکردن | 7.7 | |
| | | مامەڵەی دەستەجەمعی مەرکەزی (کارمەند بەیەکەوە) | 7.9 | |
| | | ڕێساکانی کاژێر | 6 | **6** |
| | | تێچووی راسپاردنی لەکار لادانی کرێکار | | **6.5** |
| | | بەندکردن | 10 | **10** |
| | ڕێساکانی بازرگانی | | 4.8 | **5** |
| | | مەرجە کارگێڕییەکان | 4.6 | |
| | | خەرجی رووتین (بیروکراسی) | | **0** |
| | | دەستپێکردنی بازرگانی | 3.44 | **8.7** |
| | | ئیدارەی گشتی بێلایەن | | **1.7** |
| | | سنووردارکردنی مۆڵەتەکان | 4.93 | **8.2** |
| | | تێچووی پابەندبوونی باج | 6.23 | **6.2** |

هەموارکردنی مافە یاساییەکان، بەڵام داتای پێویست بەردەست نییە بۆ درووستکردنی دانەیەک بۆ هەرێمی کوردستان. لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام راپۆرت بڵاودەکەنەوە کە ژنان و ئەو یاسایانەی بەسەر ژنان جێبەجێدەکرێن لە هەرێمی کوردستان زیاتر یەکسانترە لە هەموو بەشەکانی دیکەی عێراق (کایا، 2018). هەر هەموارکردنەوەیەک لە مافی یاسایی جیندەری نمرە (پلەبەندی)

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کەمدەکاتەوە کە لە هەموارکردنی مافی یاسایی جێندەرییەوە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، مەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا وەک پیاوان مامەڵە لەگەڵ ژنان بکات، هەموارکردنەوەی جێندەری (رەگەزی) تاڕادەیەک نمرەکەی کەمدەکاتەوە.

ئیندێکسی ئازادی ئابووری جیهانی EFW پێوانەی سنووردارکردنی حکومەت لەسەر ئازادی ئابووری دەکات، هەرچەندە هۆکاری ناحکومی لەوانەیە توانای خەڵکی سنووردار بکات بۆ بەکارهێنانی تەواوی ئازادی ئابووری خۆیان. یەکێک لە هۆکارەکان بەرزترین ئاستی توندتیژییە لە عێراق وەکو لە هەرێـمی کوردستان(کایا، 2018). ئەمەش توانای تاکەکان بۆ سوودوەرگرتن لە ئازادی ئابووری کەمدەکاتەوە.

هەروەها، ژمارەیەک لە نمرە و خاڵبەندییەکان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان دەستنیشان نەکراوە، کە ئەمەش لەوانەیە گرنگ بێت بەتایبەتی لە رووبەری رێنمایی و رێساکان و رێکخستنەوە. لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەی کەم لەسەر دۆخی (ژینگەی) بازرگانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە، لێکۆڵینەوەیەک لەساڵی 2014 دەریدەخات کە هەرێم ژینگەیەکی بازرگانی بەشێوەیەکی بەرچاو باشتری لە عێراق هەبێت و پێشنیازی زیاترکردنی ژێنگەیەکی رێکخستنی بازرگانی دۆستانەتر دەکات (EIU, 2014). ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ ئەو داتایانەی کە لەسەر رێکخستنی ئازادی ئابووری لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە کە لە ئەنجامی قەیرانی ئابووری تووشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کەوایکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان رێسای زیاتر بەسەر کەرتی بازرگانی بسەپێنێت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئازادی وەبەرهێنان هەبووە (ئەل محیا، 2017). لێرەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێکخستندا وانیشانی دەدەن کە دەگەڕێتەوە بۆ یاسا و رێنماییەکانی (رێکخستن)ی عێراقی، بەڵام سێ نیشانە بۆ عێراق دەستنیشان نەکراوە، لەکاتێکدا لە سێ کۆمەڵەی جیاوازدا سێ نمرە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان نەکراوە، بۆیە پێویستە نمرەکان بۆ ریسا و رێنماییەکان (رێکخستن) وەک پێویست و بە وریای مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

ئەو داتایەی لێرەدا پێشکێشکراوە، خاڵی دەستپێک بۆ توێژینەوە و پێوانەکردنی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستان عێراق. داتاکان زانیاری گرنگ لەخۆدەگرێت، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن بەراوردی لەگەڵ هەموو عێراق دەکات لەرووی ئازادی ئابوورییەوە، ئەگەر بڕیاربەدەستان بیانەوێت ئازادی ئابووری زیاتر بکەن، وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن هێشتا رێگایەکی دووردرێژیان لە بەردەمدایە.

**3.بنچینەکانی دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

ئازادی ئابووری پێویستی بە حکومەتی بچووک و کارا ، حکومی یاسا بۆ پاراستنی ئازادی و مافی موڵکداری و سەپاندنی گرێبەست و دەستگەیشتن بەپارە و ئازادی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و وەبەرهێنان و بازرگانی و کرێکار هەیە، جگە لە بەها و نۆرمە باشەکانی وەک متمانە، خۆڕاگری و دەستپاکی و شکۆمەندی (گوارتنی و لاوسن، 2003).

پێش لێکۆڵینەوە لە ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پێویستە لە بنچینە و باکگراوندی دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستان عێراق تێبگەین. دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق گەنج و ناسکن کاریگەرییان لەسەر میراتی ئابووری، سیاسی و ئەمنی رژێمەکانی پێشووی عێراق و هەروەها نۆرمە کۆمەڵایەتی و کلتووری تەقلیدییەکان لەسەر هەبووە. لەساڵی 1991وە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیانداوە لەرێگەی یاسادانان و دەرکردنی یاسا و رێسای نوێیەوە بۆ برەودان بە بازاڕە ئازادەکان و دیموکراسی. هەرچەندە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی چوارچێوەی دامەزراوەکانی عێراق بەردەوامبوون لەکارکردن بە سیستمی بیرۆکراسی و مانەوە لەسەر حوکمڕانی درێژکراوەی دامەزراوەکانی عێراق.

بنچینەی دامەزراوە مۆدێرنەکانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی داگیرکاری (ئیستعمار)ی بەریتانیا لەساڵی 1921، بەریتانیاییەکان شانشینی عێراقیان دامەزراند لەدەرەوەی میزۆپۆتامیا و پاشایان بۆ هێنا و دەستوور و یاسایان بەسەر گەلەکەیدا سەپاند. لە ئەنجامدا دامەزراوەی دندەیی (زۆردار و نارێک )پێکهات، بەئامانجی کۆنتۆڵکردنی تاکەکان و راکیشانیان بۆ بەرژەوەندی پاشایەتی نوێ و کۆلۆنیالیزمی بەریتانی (ستیوارت، 2007). تەنانەت لە سەردەمی دەوڵەتی نیشتمانیدا حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی توندیان بە ئاراستەی کۆنترۆڵکردنی وڵات و دەستەمۆکردنی خەڵکەکەی بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت سەپاندووە.

لە ماوەی ساڵانی 1958 تا 2003 سێ رژێمی سەربازی هاتنە سەر حوکم و دامەزراوە سەرەکییەکانی ع‌عێراقیان هەڵوەشاندەوە. دەسەڵاتی یاسادانان هەڵوەشایەوە و دادگاکانیان هەڵوەشانەتەوە و کەرتە سەرەکییەکانی ئابوورییان بە نیشتمانی بوون کرد و دامەزراوەکانی کومەڵگەی مەدەنی کە لەژێر دەسەڵاتی پاشایەتیدا دامەزرابوون هەڵوەشانەوە. حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق سیاسەتی ئابووری سوسیالیستیان گرتەبەر، کە ئاراستەی دەسەڵاتی دەوڵەتیان دەکرد بەرەو مەرکەزییەت و کەمکردنەوەی رۆڵی خاوەنی زەوی و سەرمایەیکان لەژێر بەهانەی چاکسازی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەرێگەی یاساکانی چاکسازی کشتووکاڵی

لەساڵانی 1958، 1969،  1970 و 1971. لەرێگەی ئەو یاسایانەوە حکومەت زەوییە کشتووکاڵییە فراوانەکانی لە خاوەنەکانیان زەوتکرد و دووبارە دابەشیان کردەوە بەسەر ئەو جووتیارانەی پشتیفری شۆڕش و حزبە دەسەڵاتدارەکانیان دەکرد، کە ماوەی خاوەنداریەتی زەوی و بەرهەمهێنانی زەوییەکەیشی کەمکردەوە. هەروەها، کەرتە ئابوورییە گەورەکانیان بە نیشتمانی کرد ، لەوانەش کەرتی نەوت و گاز، کۆمپانیاکانی دەوڵەت  زاڵبوون بەسەر زۆربەی چالاکی ئابووری، هەروەها حکومەتەکانی عێراق بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لەساڵی 1958 تا 1980  جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان هەڵوەشاندەوە و دادگای سەربازی دامەزراند و دادگای دەستووری هەڵوەشاندەوە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان نەهیشت بە بەستنەوەیان بە دەسەڵاتی حکومەتەوە (حەبدول جەبار، 2006، 19-20).

لە ئەنجامدا، سیاستەکانی حکومەتی عێراق بووەهۆی مەرکەزییەتی سیاسی و ئابووری و سنووردارکردنی زۆر و رژێمە بیروکراتییەکان بۆ ئەنجامدانی بازرگانی، کەمکردنەوە و ژێربەژێرکردنی دامەزراوە دادوەرییەکان، نەبوونی سەقامیگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دوودڵی دڵسۆزی پارتیزانەکان، تۆڕەکانی چاودێری، لایەنگری و زاڵبوونی بەها و نەریتی عەشایەری و ئاسایبوونەوە، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرەوپێشچوونی دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری هەبووە، لەوانە ئازادی وەبەرهێنان و بازرگانی و کار. بە واتایەکی دیکە، دامەزراوەکانی لایەنگری ئازادی ئابووری بەدەست لاوازی و کەمتەرخەمی و نەبوونی پاراستنی یاسایی و کۆمەکی لاواز و دەرکردن و دەستیوردانە زۆرەکانی حکومەتەوە دەناڵێن. بۆیە لە عێراق دامودەزگاکانی راوچییەکان دەرکەوت کە ئازادیە ئابووری و سیاسی و مەدەنییەکانی تاکەکان سەرکوت دەکەن)  سومەر و جۆسیف، 2017).

هەرچۆنێک بێت، ئەو گۆڕینە سیاسیانەی  کە لەگەڵ جەنگی دووەمی کەنداو لە 1991 و داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە 2003 هانی هەرێمی کوردستانی عێراقیدا کە ژینگەیەکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری درووستبکات. دەسەڵاتداران هەوڵی برەودانیان بە کەرتی تایبەت و بازرگانی ئازاد و وەبەرهێنان داوە، لەرێگەی دانانی کۆمەڵێک یاسا و رێسای پشتیوانی لە ئازادی ئابووری. بە واتایەکی دیکە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە ئابوورییەکەی لەلایەن میکانیزمی بازاڕی ئازادەوە دادەنرێن. هەروەها، رایگەیاندووە کە ئامانجی سیاسەتی ئابووری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاندانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و وەبەرهێنانی راستەوخۆی دەرەکی و ئازادییەکانی بازرگانی و کرێکاری دەبێت (سەحدون، 2000، 241-252).

4.  **رووبەرەکانی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردتان عێراق**

ئەم بەشە رەوشی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە ئاشکرا وەسف دەکات کە لە پێنج رووبەردا بەئاشکرا خراوەتەڕوو، لە زنجیرە سەرەکییەکانی ئیندێکسی کە لە ئازادی ئابووری جیهان بڵاوکراوەتەوە

**4.1 قەبارەی حکومەت**

پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی عێراق سەرچاوەی سەرەکیە بۆ خەرجکردنی خەرجیە گشتییەکانی لەماوەی ساڵانی 2006 تا 2013 حکموەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە 17%ی بودجەی فیراڵی بە کەمی و کەمیی خەرجکردنی سیادی وەرگرتووە، کە تا ساڵی 2013 بڕەکە نزیکەی 12 ملیار دۆلار بووە. ئەم بەشە نزیکەی 80% کۆی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێناو، پارەی خەرجکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە کە پێکهێنەرەکی سەرەکی گەشەکردنی ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق بووە.  هەروەها، لەنێوان ساڵانی 2014 تا 2017 حکومەتی دیراڵی پشکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە بودجەی فیدراڵی بڕیوە لە ئەنجامی ناکۆکی سیاسی نێوان لایەنەکان (بانکی جیهانی، 2015، 19). پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا بەتەواوی نەگەڕاوەتەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2014وە پرۆژەیاسای بودجەی گشتی نەبووە و تێپەڕنەکردووە.

لەو ماوەیەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆی ئابووری راگەیاند و بڕیاریدا نەوتی خۆی بە سەربەخۆی دوور لە بەغدا بفرۆشێت و پشت بەدهاتی ناوخۆ ببەستێت بۆ ئەوەی خەرجی گشتی بۆ خەرجبکرێت و دابینبکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە ئەنجامدانی. حکو،مەتی هەرێمی کوردستان پشتی بە داهاتی مەرزەکان و داهاتی باجی ناوخۆ و داهاتی نەوت بەست، بەڵام ئەو سامانە داراییانە ئەو قەبارەی زۆری خەرجییەکانی حکومەتیان پڕنەکردەوە و نەگرتەوە کە لە ئەنجامی نەبوونی شەفافیەت و بەهەدەردانی سامانی گشتی بوون، تائێستا هیچ داتایەکی درووست بۆ کۆی قەبارەی داهاتی گشتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە.

پشتبەستنی زۆر بە داهاتی نەوت تایبەتمەندییەکی سەرەکی سیاسەتی دارایی و ئابووری لە هەردوو وڵاتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەوڵەتێکی کرێنیشینی درووستکردووە. خوولێکی بازرگانی هەڵبەز و دابەز و ژینگەیەکی بازرگانی پێشبینی نەکراوی درووستکردوە ( گرووپی بانکی جیهانی، 2016، 21). لەماوەی بەرزبوونی نرخی نەوتدا داهاتی هەرێمی کوردستان زیادیکردووە و خەرجیە گشتییەکانیشی فراوانتر بوون خشتەی 4.2.

خشتەی 4.2 خەرجی گشتی (ملیۆن دۆلار)ی هەرێمی کوردستانی عێراق 2007- 2021

| **ڕێژەی حکومەت بۆ وەبەرهێنان** | **ڕێژەی  خەرجی بەکاربردنی** | **خەرجی گشتی** | **ساڵ** |
|---|---|---|---|
| **29%** | 71% | 7847.66 | 2007 |
| **37.80%** | 62.20% | 7628.783 | 2008 |
| **26%** | 74% | 8857.263 | 2009 |
| **31%** | 69% | 11432.18 | 2010 |
| **30%** | 70% | 13940 | 2011 |
| **24.10%** | 75.90% | 15245.8 | 2012 |
| **31.50%** | 68.50% | 16945.75 | 2013 |
| | | 7999.68 | 2014نیوه |
| | | | 2015 |
| | | | 2016 |
| | | | 2017 |
| **13.66%** | 86.34% | 8520000 | 2018 |
| **13.66%** | 86.34% | 8520000 | 2019 |
| **13.66%** | 86.34% | 8520000 | 2020 |

تێبینی، * ئەوە نیشان دەدات داتا بەردەست نییە

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان 2012، گرووپی بانکی جیهانی 2016، تۆڕی میدیای ڕووداو 2020

خەرجییە گشتییەکان، لەوانە خەرجی بەکاربردن و وەبەرهێنان لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە دەورووبەری 65 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بۆ دەورووبەری 110 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک لەماوەی ساڵانی 2007 تا 2013 لەم ماوەیەدا کارابوونی ئابووری و وەبەرهێنان و بازرگانی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان گەشەی کرد، چونکە ڕەێژەی گەشەی ئابووری گەیشتە نزیکەی 12%. لە ئەنجامدا ماوەی هەڵبەزی (بووم)  بووەهۆی فراوانبوونی قەبارەی حکومەت و دەمامکی ئەو کیشە بوونیادییەی کە ئابووری هەرێمی کوردستان ی عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

لەماوەی ساڵی 2014 بۆ 2017 خەرجییەکانی حکومەت کەمبووتەوە، چونکە حکومەتی عێراق پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی بڕی و نرخی نەوت لە دەورووبەری 85 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دابەزیوە بۆ دەورووبەری 45 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، ڕێژەی زۆری گەندەڵی و داهاتە لادراوەکان و هەڵوەشانەوەی باج خەرجییەکانی حکومەتی کەمکردۆتەوە، هەروەها داهاتی ناوخۆ نەیتوانی خەرجییەکانی حکومەت دابینبکات، ئەمەش بووە هۆی قەیرانێکی دارایی و ئابووری سەخت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێواری مایەپووچبووندا بوو و نەیتوانی مووچەی مووچەخۆرانی مەدەنی بدات ئەوە چییە؟ لەماوەی ساڵی 2018 بۆ 2020 حکومەتی فیدراڵ بەشێک لە هۆکارە داراییەکانی گواستەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بڕەکەی نزیکەی 350- 450  ملیۆن دۆلار بوو لە مانگێکدا (نەوش، 2018، هەورامی 2020( بۆ پێدانی مووچە و مووچەی کەرتی گشتی (خشتەی 4.2).

سیستمی باجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەست کێشەی ڕێکخستن و ئیدارییەوە دەناڵێنێت، وەک ناکارابوونی سیستمی باج و کارمەندەکانی، هەروەها فراوانبوونی کەرتی تایبەت. هەژاریی یاسا و ڕێنماییەکان دروستکراوەکان بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی باج و نەبوونی شەفافیەت لە کۆکردنەوەی باجدا، ڕێژەی باج لە داهاتی گشتی کەمە، تەنیا 1.9%ی داهاتی گشتی لەساڵی 2012دا 2.0% و لەساڵی 2013دا 2.7% لەساڵی 2014دا 3.5% دابینکردووە سەرەڕای ئەوەش لەساڵی 2020 حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی کۆڤید-19 پاندامیکەوە بۆ ماوەی دوو مانگ کەرتی تایبەتی لەپێدانی باج بەخشیوە و باجی داهاتی پێشکەوتنخوازی سەپاندووە کە لە 5% بۆ 15% ڕێژەی باجی خانووبەرە لە 9% دانراوە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجی داهات و باجی خانووبەرە، 2020).

حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمپانیا بیانییەکانی بۆ ماوەی 10 ساڵ لە باج و کرێی بەخشیوە بۆ ئەوەی سەرنجی وەبەرهێنانی دەرەکی ڕابکیشێت، بە گوتەی بەڕێوەبەرایتی گشتی باجی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرێک لە کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان خۆیان لەپێدانی

باج دەدرنەوە. ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی تۆمارکراوە 22624 کۆمپانیا، لەکاتێکدا تەنیا 7500 کۆمپانیا باج دەدەن هەندێکیش بەداواکردنی زیانە داراییەکان یان کیشەی یاسایی خۆیان بە دوو دەگرن لە باج دان (بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2020). لەڕاستیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان باجەکان بە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی بودجەی گشتی نازانێت، چونکە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت و بۆ مەبەستی سیاسی، واتە بۆ ئەوەی خۆی لە لێپرسینەوە جەماوەری و فشارە دیموکراسییەکان بەدوو بگرێت. دەسەڵاتدارانی ناوخۆ باس لەوە دەکەن کە هۆکاری کەمی باج لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ راکیشانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکییە. لە ئەنجامدا، بەرزترین رێژەی داهاتی باجی پەراوێزی هەرێمی کوردستانی عێراق لەئاستێکی نزمدایە بۆ تۆمارکردنی 10 بۆ پێکهاتەی 1D لە ئیندێکسی EFW، ئەمەش نیشانیدەدات کە داهاتی باج رێگر نییە لە بەردەم ئازادی ئابووری تاکەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق (خشتەی 4.1).

حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستمی مەرکەزی بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری پەیڕەو دەکات و خەرجی گشتی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی حزبە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار بەکاردێنێت حزبە دەسەڵاتدارەکان بەشێوەیەکی زۆر دەستیوەردان لە دامەزراوە حکومی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەن. ئەوان زۆربەی دامەزراوە حکومییەکایان بە سیاسی کردووە، لەوانەش تەرخانکردنی دارایی لەگەڵ بەرژەوەندی حزبەکانیان دابێت. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەوڵدەدەن بۆ کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە حکومییەکان بە کۆکردنەوەی لایەنگران و دڵسۆزانی خۆیان و لابردنی دژبەران و سەربەخۆکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا. بۆ نموونە لە هەر هەڵبژاردنێکدا هەردوو حیزب بە هەزاران شوێنکەوتوویان لە کەرتی گشتی دامەزراندووە بەبێ ئەوەی رێز لە مەرج و رێکارەکانی دامەزراوەکان بگرن. ئەم کارانە بووە هۆی زیادەی کارمەند و درووستکردنی بێکاری قێزەون لە کەرتی گشتی و هەروەها شێواندن و لاوازکردنی ئەخلاقی کار. ئەم پرۆسەیە بە گەندەڵی و فەزڵخوازی (دڵشۆزی لایەنگران) تێکچووە بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زیاتر لە 100 هەزار کاری ساختە لەکەرتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە (ساڵەح، 2014).

بەم شێوەیەکەرتی گشتی بەتەواوی زاڵە بەسەر ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان و زیاتر 80% بودجەی گشتی بۆ مووچە و مووچەی خانەنشینی و کۆمەکی کۆمەڵایەتی دەڕوات، چونکە کەرتی گشتی نوێنەرایەتی کەرتێکی بنەڕەتی دامەزراندن دەکات لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێوان 65% بۆ 68% هێزی کار پێکدەهینێت، ئەمەش دووەم گەورەترین رێژەی دامەزراندنە لە کەرتی گشتی لە جیهاندا (خشتەی 4.3).

خشتەی 4.3: رێژەی هێزی کار لە کەرتی گشتی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا کە دامەزراون، 2016

| وڵاتان | هێزی کاری دامەزراو لەلایەن کەرت گشتی % |
|---|---|
| **کوبا** | 85.20% |
| **هەرێمی کوردستانی عێراق** | 65-68% |
| **کوەیت** | 44.60% |
| **بیلاروس** | 40.60% |
| **عێراق** | 40.00% |
| **سیشێل** | 36.80% |
| **باهاما** | 33.70% |
| **ئوردن** | 33.10% |
| **نەرویژ** | 32.80% |
| **کرواتیا** | 31.70% |
| **لاتیڤا، دانیمارک** | 31.20% |
| **سربیا** | 31.00% |
| **تێکرای وڵاتانی OECD (35 وڵات)** | 21.30% |
| **هەموو وڵاتانی دیکە** | خوار 20% |

سەرچاوە: لە لایەن نوسەرەوە لە هەورامی رێکخراوە. 2016

دوای ئەوەی حکومەتی فیدراڵی پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی بڕی، نرخی نەوت دابەزی و داعش ناوچەکانی نزیکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داگیرکرد، لاوازی (ناجێگیری) دامەزراوە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەرکەوتن و

سیاسەتی نائەقڵانی و ناشارستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەراستی و روون بوویەوە. لەو بارەیەوە وەک باسکرا حکومەتی هەرێمی کوردستان شکستی هێنا لە پێدانی مووچە و مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، بەهەمان شێوە شکستی هێنا لە پێدانی پابەندی دارایی خۆی بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لەوانە بەڵیندەران و بازرگانەکان و وەبەرهێنەران، کە بووە هۆی مایەپووچبوونی زۆریک لە کۆمپانیاکان و کەڵەکەبوونی قەرزی گشتی کە لەساڵی 2020 گەیشتە 28.5 ملیار دۆلار. تەنانەت لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆڤید-19ی پاندامیکو سیاستەکردن و ناوەندیتی گەندەڵیس لە سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامبوو. پاندامیک زیاتر شێواندن و تێکچوونەکانی لە دامەزراوە ئابووری و تەندرووستییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد. مەودای کەرتی تایبەت کەمبووەوە و تێکچوو و رێژەی هەژاری و بێکاری و نەخۆشیی بەرزبووەوە (UNDP-Iraq, 2020). دامەزراوەی تەندرووستی گشتی و تایبەت نەیانتوانی بەردەوام بن لەگەڵ پاندامیک بەهۆی لایەنخوازی و نەبوونی سەرمایە و توانای تەندرووستی، وەک ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق 180 بۆ 200 ئامێری هەناسەدانی (ڤێنتلیتەر) هەبوو بۆ 6 ملیۆن کەس، کە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 2020 (بەرزنجی، 2020). کۆی هەموو ئەمانە بەیەوە، هەرێمی کوردستانی عێراق نمرەی 3.4 لە 10 بۆ قەبارەی حکومەت وەرگرتووە، کە ئاماژە بە گەورەی حکومەت دەکات، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین ئاستەنگەکانی سنووردارکردنی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق (خشتەی 4.1).

نمارەکانی قەبارەی حکومەت نیشانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەدات کە لەدوای عێراقەوەیە، ئەمەش زیاتر دەرئەنجامی زۆری کرێگارانی کەرتی گشتییە لە 65% بۆ 68% لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان عێراق پێکدەهێنن بە بەراورد بە عێراق کە 40% (خشتەی 4.3(. لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە خەرجییەکانی عێراق زیاتربێت لەو ژمارانی کە نیشانی دەدەن، چونکە کەمی داتا هەیە بەتایبەت ئەو داتایانەی کە پەیوەندی بەدارایی حەشدی شەعبییەوە هەیە (PMF(.

سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبە دەسەڵاتدارەکان بووە هۆی ئەوەی کە قەبارەیەکی هەڵوەشاوەی حکومەت و ناوەندێتی و سیاستەکردن و پشتبەستنتی زۆر بە نەوت و گەندەڵی و بەرژەوەندیخوازی هەبێت، کە ئەم جۆرە سیاسەتان لەگەڵ پێشکەوتنی ئازادی ئابووریدا ناگۆکن. بڕیاری حکومەت جێگەی دەستپێشخەری تاکەکەسی و هەڵبژاردنی تاکەکەسی دەگرێتەوە.

### 4.2 سیستمی یاسایی و مافی موڵک

سیستمی یاسایی و دادوەری لە عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرئەنجامی مێژوویەکی دووردرێژی خەبات و فرەیی کلتووری خەڵکەکەیەتی لەسەر بنەمای سەرچاوە یاساییە جۆراوجۆرەکان، لەوانە سەرچاوە یاساییە عەرەبییەکان (بەتایبەتی میسری)، یاساکانی رۆژئاوا، شەریعەتی ئیسلامی (ئەل شەریعە) و بنەماکانی دادپەروەی. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، عێراق سیستمێکی یاسایی کۆنتر و ئاڵۆزتری هەیەبەتیایبەتی سەبارەت بە پاراستنی مافی موڵکدارێتی و ئازادی ئابووری و مافی مەدەنی (ئەمریلەر، جاگیر، جەنابی، 2020، 9). لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستا تووشی فەرامۆشکردن و چەندین کێشەی پێکهاتەیی و بیروکراسی و دەستیوەردانی سیاستەمەداران و پیاوانی ئاینیی بووە.

چوارچێوەی یاسایی لە هەرێمی کوردستانی  عێراق رێگە بە تاکەکان دەدات کە ئازادی خاوندارێتی و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕ و بەخشین و بەکارهێنانی مۆڵکی تایبەت خۆیان بکەن (گرووپی بانکی جیهانی، 2018، 8). ئەمە بەدەقی دەستووری و یاساییجێگیرکراوە (مسۆگەرە)، بەتایبەتی ماددەی 23ی دەستووری عێراق 2005 و پەڕەگرافی 20ی ماددەی 19ی رەشنووسی دەستووری حکومەتی هەرێمی کوردستان پاراستنی موڵک و موڵکی تایبەتی و ئازادی ئابووری هاوڵاتیانی بەپێویست داناوە. ؛وەش زیات دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک یاسا و رێسایان بۆ پشتگیرکردن لە ئازادی ئابووری دەرکردووە و هەموار کردووە. بەشێوەیەکی دیاریکراوتر یاساین بۆ بەهێزکردنی سەربەخۆیی و سیستمی دادوەری و ئازادی وەبەرهێنان و بازرگانی و برەودان بە کێبڕکێی ئازاد و پەرەپێدانی رێوشوێنی دژە متمانە دەرکردووە.

ساڵی 2013 حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی چاکسازی گشتگیر و جەوهەری دانا، هەرێمی کوردستانی عێراق 2020: تێڕوانینێک بۆ داهاتوو، کە رای گشتی و دامەزراوە تایبەتەکان لە کەرتی ئابووری و مەدەنی و ئەمنیدا ئامانجەکان بۆ کەمکردنەوەی بیرۆکراتی و گەندەڵی و پشتگیرکردنی کۆمپانیا دەستپێکەکان و کارسازی نوێ بەکەمکردنەوەی بارگرانی رێسا و رێنماییەکان هەروەها، پلانەکە ناوچەی ئابووری ئازادی دادەمەزراند. ئەم رێوشوێنانە ئابووریان کردەوە و یارمەتی وەبەرهێنانی بیانییان دا کە خێراتر لە تەواوی عێراق رژانە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەزارەت پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2013).

هەرچۆنێک بێت، هیشتا تەعەداکان رووبەڕووی دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەبنەوە. زۆربەی یاساکان و رێساکان و بەرنامەی چاکسازی کاخەزی مردوون. یاسا و رێساکان سەبارەت بە مافئ موڵک و بازرگانیکردن و وەبەرهێنان و ئاڵۆگۆڕی

بازرگانی و کرێکاران بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە و بەکارهێنراون بۆ پشتگیری بەرژەوەندییەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان و دەوڵەمەندکردنی نوخبەی سیاسی و سەرۆک هۆزەکان. ئەمەش بووە هۆی درووستکردنی تۆڕێکی فراوان بۆ چاودێریکردن، سەرمایەداری نوخبە و کرێخوازی (جەمیل، 2017: پرینگ، 2015).

لەهەمان کاتدا، دەسەڵاتی دادوەری بەدەست کیشەی دامەزراویی و دەستیوەردانی حزبە دەسەڵاتدارەکان و حکومەت و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە دەناڵێنێت. سیستمی دادوەری وەک زۆرێک لە دامەزراوەکانی دیکە لە لایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانی (پارتی و یەکێتی)وە بەسیاسی کراوە. کارمەندانی دادگا بە دادوەران و ئەفسەرانی دادوەری و فەرمانبەرانەوە لەسەر بنەمای دڵسۆزی حیزبی و سیاسی بەبێ لەبەرچاوگرتنی لێهاتوویی و پێشەیی دەستنیشان دەکرێن. هیومان رایتس ووچ رایگەیاند کە سیستمی دادگا لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەژێر کاریگەری سیاسیدایە و بەکاردێت بۆ خنکاندنی نارەزایەتی (سمیس و شادەرڤیان، 2017، 9).

کۆمیسارانی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاویکردەوە کە دادگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک وەڵامدەرەوە نابێنرێن و هاوڵاتیانی ناوچەکە دوو دڵن لە بەکارهێنانی دادگا و پۆلیس، هەرچەندە زۆرێک لە یاساکان خۆیان دەنگێن و ستانداردی نێودەوڵەتیان هەیە. گەیشتن بە دادپەروەری یاسایی تارادەیکی زۆر پشت بە وابەستەیی ئیتنیکی و ئاینی و خێڵ و پەیوەندی دەبەستێت وەک ئەوەی کە زەحمەتە تاکەکان لە دادگادا بەرگری لەخۆیان بەبێ ئەوەی ئەمانەیان هەبێت بکەن (سمیس و شادەرڤیان، 2017، 9).

بەم شێوەیە دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەربەخۆیی و بێلایەنی لە پیادەکردنی سەروەری یاسا و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکان کار بکەن. دادگاکان بەهۆی دەستیوەردانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و سیاستمەداران و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە نەیانتوانیوە بە بێلایەنی زۆر لە ناکۆکی مەدەنی و بازرگانی و موڵکدارییەکاندا یەکلابکەنەوە و رێگری بکەن لە بەرتیل. تاوەکو ئێستا چەندین دۆسیە بڕیاری دادگا بۆ دەرنەکراوە تائێستا هەڵپەسێردراوە، وەک ناکۆکی لەسەر پشکەکان لە رۆژەی چاڤی لاند لە سلێمانی و پرۆژەی نیشتەجێبوونی دەشتی بەهەشت لە هەولێر و دهۆک ئەمانە لەنیو چەندین نموونەی دیکەدا.

هەروەها، پاراستنی موڵکی تایبەتی و سەروەری یاسای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر لاوازی ژێرخانی دامەزراوە یاسایی و ئیداری و ئەمنییەکان هەبووە. دادگاکان هیشتا پشت بە ئامرازە کۆنەکان دەبەستن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. سیستمی تۆماری خانووبەرە زۆر کۆنە لەرووی پلاندانان و نەخشەکیشان و رووپێوی زەوییەکانەوە. هەموو مامەڵە ئیدارییەکان پشت بە کاخەز و دەستنووس دەبەستن.

دادگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانن ناکۆکی بازرگانی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان و وەبەرهێنەران چارەسەر بکەن، بەهۆی نەبوونی ژێرخانی پێویست و نەبوونی توانای دادوەری (کەسی) باش. پرۆسەی تۆمارکردنی موڵک و جێبەجێکردنی گرێبەست پێویستی بەچەندین رێکاری بیرۆکراتی هەیە. لە حاڵەتی کڕین یان فرۆشتنی موڵکدا پرۆسەی تۆمارکردن پێویستی بە شەش رێکارە و زیاتر لە حەوت رۆژ دەخایەنێت و 3%ی نرخی موڵکەکەی تێدەچێت. هەروەها، بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکان، تاکەکان بەزۆری پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە کە نزیکەی 183 رۆژ دەخایەنێت و 24% نرخی بانگەشەکە تێدەچێت. سەرباری ئەوەش جەماوەر متمانەیان بە پێشەییبوونی دەزگا ئەمنییەکان و پۆلیسەکان نییە، چونکە بەهۆی دڵسۆزییان بۆ پارتە دەسەڵاتدارەکان تاوەکو دڵسۆزییان بۆ جێبەجێکردنی یاسا هەیە.

لەم چوارچێوەدا نووسەرە هەوڵیدا نمرەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ رووبەڕی دووەم مەزەندە بکات، سیستمی یاسایی و مافی موڵکدارێتی خەمڵاندنەکەی 3.65 وەرگرت کە ئاماژە بەوە دەکات سیستمی دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق بێ کاریگەر و بێ سەربەخۆییە و دادگاکانیش بێلایەن نین و ناتوانن مافی موڵکایەتی بپارێزن و گرێبەست جێبەجێبکەن.( خشتەی 4.1).

سەرەڕای نزمی نمرە بۆ سیستمی یاسایی و پاراستنی مافی موڵکدارێتی، بەڵام نمرەی هەرێمی کوردستانی عێراق باشتر لە عێراق. حوکمی یاسا لە عێراقدا بە زیادبوونی دەستێوەردانی سیاسەتمەداران و پیاوانی ئاینی و میلیشیاکان لە دەسەڵاتی دادوەریدا و زیادبوونی توندتیژی و هێرشی میلیشیایی بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی عێراق تێکچووە ( سمیس، مەلیک و نایتس، 2021). زۆرێک لە هەمان کیشەکان کەمتر لە پێوەری کە بەنمرەکان دیاریکراوە رەنگدەداتەوە و کیشەی هەرێمی کوردستانی عێراق.

سیاستەکردن و دەستیوەردانی حیزبی و حکومی ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەوام دامەزراوە دادوەرییەکانن لە هەرێمی کوردستانی عێراق. دەستیوەردانی سیاسی لە سیستمی یاساییدا رێگە لە دامودەزگا فەرمییەکان دەگرێت لە گەشەپێدان و کارکردن لە دەرەوەی ئەو هێڵانەی لە لایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە کێشراوە. ئەم ژۆکارانە بووتە هۆی سەرهەڵدانی فۆرمی جۆراوجۆری گەندەڵی فەزڵخوازی(لایەنگری) و فراوانکردنی رۆڵی دامەزراوە نافەرمییەکان وەک بەها و نۆرمەکانی خێڵەکی و نەریتی لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

### 4.3 پارە

سیاسەتی دراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن بانکی ناوەندی عێراق (CBI) بەڕێوەدەبرێت. درێژکراوەی سیاسەتی دراوی عێراقە لەرووی یاسا و ڕێسا و پێکهاتەی ئیداری و تەکنیکییەوە. لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 کەرتی دراو و بانکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی کشانەوەی دامەزراوەکانی حکومەتی عێراق لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەتەواوی ئیفلیج بوو. هەروەها، پارە و سەرمایەی دارایی لە بانکەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق گوازرایەوە بۆ لقەکانی بانکی ناوەندی عێراق لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق. لە ئەنجامدا، سێکتەرەکە توانای خۆی لەدەستدا بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بانکی و متمانەی گشتی تێکچوو. بانکی ناوەندی عێراق لەسەرەتای نەوەدەکان پاش سەپاندنی ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر عێراق لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دراوێکی نوێی دەرکرد، بەڵام لە هەرێمی کوردستانی عێراق خەڵک بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی دراوی کۆن کە لەناوخۆدا بە (دراوی سویسری) یان (دیناری سویسری) ناودەبرا. هەروەها دراوی بیانییان بەکارهێناوە، بەتیابەتی دۆلاری ئەمریکی وەک ئامڕازی ئاڵوگۆڕ (عیسا، 2006، 112-111).

ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی ڕێکخستنی سیاسەتی دراوییان نییە بەهۆی سنووردارکردنی دەستوورییەوە، بۆیە پێویستە هاوڵاتیانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکان دراوی عێراقی لەمامەڵەی ڕۆژانەیاندا بەکاربهێنن لەژێر چاودێریی و دەسەڵاتی بانکی ناوەندی عێراق ( عەبدولرەحمان، 2002، 143). دوای ئەوەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (CPA) دینارێکی نوێی عێراقیی لەساڵی 2003 دەرکرد، دراوی بەکارهێنراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق و هەموو عێراق ستاندارد کرا (CPA, 2003).

دەستووری عێراق لەساڵی 2005 و یاسا و ڕێساکانی حکومڕانی بانکی ناوەندی عێراق سەربەخۆیی خۆی لە دەستیوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکار و یاسادانان مسۆگەر دەکات، تاوەکو ئەم دواییە ئەم پاراستنە یاساییە سەربەخۆیی بانکی ناوەندی عێراق پاراستووە و کاریگەری ئەرینی لەسەر ڕۆڵی خۆی کردووە لە ئەدای ئابووریدا. لە ئەنجامدا، سیاسەتی دراوی سەقامیگیریی ڕێژەیی بەدەست هێنا. ڕێژەی گەشەی پارە زیادیکردووە بەڕێژەی 6.7&% لەماوەی ساڵی 2016 بۆ 2018، ڕێژەی هەڵئاوسانی ساڵانە لەماوەی 2017 بۆ 2019 0.117% بووە و ڕێژەی بەرژەوەندی (سو) لەنێوان 4% بۆ 8&% بووە لەهەمان ماوەدا( وەزارەتی پلاندانانی عێراق، 2020، 64-88). نمرەی هەرێمی کوردستانی عێراق 7.55 بۆ رووبەڕی پارە (خشتەی 4.1).

لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق سیاسەتێکی دراوی یەکگرتوویان هەیە، بەڵام خاڵەکانیان جیاوازن عێراق لەساڵی 2019دا 8.04 نمرەی تۆمارکردووە، بەزۆری لە ئەنجامی ڕێژەی هەڵئاوسان، وەک کۆی گشتی ڕێژەی هەڵئاوسان لە عێراق لەساڵی 2019دا کەمێک ئەرینی بوو. هەرچۆنێک بێت، لەساڵی 2019دا ڕێژەی نرخی بەکاربەر (CPI) لە هەرێمی کوردستانی عێراق گەیشتە 3.5^ (وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2020، 2).

خاڵەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ پارە لەوانەیە لەساڵانی داهاتوودا دابەزێت لەکۆتایی 2020دا بانکی ناوەندی عێراق لەژێر فشاری حکومەتی فیدراڵیدا، بەهای دیاری عێراق بەرامبەر دۆلار دابەزاند و بەنزیکەیی 23% کەمکردەوە بەبیانووی کەمکردنەوەی کەمبوونەوەی هاوسەنگی بازرگانی و هاندانی ئابووری، ئامانجی سەرەکی هەرچۆنێک بێت، کەمکردنەوەی کەمبوونەوەی بودجەی گشتی بوو. ئەم سیاسەتە بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لەساڵی 2021دا نزیکەی 30% ئەمەنەش دەبێتە هۆی نائارامی کۆمەڵایەتی.

### 4.4 ئازادی بازارگانی نێودەوڵەتی

بازرگانی یەکێکە لە کەرتە ئابوورییە گرنگەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ڕاپۆرتە فەرمییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵی 2010 بۆ 2017 کۆی هاوردەکانی نزیکەی 11 ملیار دۆلار ئەمریکی و قەبارەی هەناردەی نانەوتی نزیکەی 90 ملیۆن دۆلار بووە. کەرتی بازرگانی زیاتر لە 90% لە کاڵاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دابیندەکات. تورکیا و ئێران و لە ئێستا چین بەرێژەی 35% و 25% و 30%ی هاوردەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق پێکدێنن (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، 2012، 3). حکومەتی هەرێمی کوردستان رسوماتی گومرگی بەسەر هەموو کاڵا و خزمەتگوزارییە هەناردەکراوەکان و هاوردەکراوکاندا دەسەپێنێت بەرێژەی 5% بۆ 80%، هەروەهە موڵەتدان پێویستی بە ڕێکاری بیروکراسی درێژ هەیە، کە 16 ڕێکار و نزیکەی 60 ڕۆژ دەخایەنێت و نزیکەی 3 هەزار دۆلاری تێچوون دەبێت. ئاڵۆگۆڕی بازرگانی و بەڕێوەبردنی مەرزەکان کێشەی سەرەکین لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی (بەڕێوەبەرایتی گشتی گومرگی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2020). لەڕاستیدا لەساڵی 1991وە کەرتی بازرگانی و دەروازە سنوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە قۆرخکراو و بەسیاسی کراوە، چونکە بەدەست دووبەرەکی سیایس، گەندەڵی و قاچاخچێتی و نەبوونی شەفافیەت دەناڵێنێت. هەرچۆنێک بێت، نمرەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ رووبەری 4ی ئازادی بازرگانی نێودەوڵەتی لە ئاستێکی مامناوەندا دەمێنێتەوە و 6.23 یە( خشتەی 4.1).

### 4.5 ڕێساکان (ڕێکخستن)

بەپێی یەکەی هەوڵگیری ئابووریناس (EIU) و بەگشتی لەنێوان ساڵانی 2009 و 2014 هەرێمی کوردستانی عێراق باشتر بوو و ژینگەی بازرگانی پارێزراوتری هەبووە لە هەموو عێراق، لە ئاستی گشتی هەرێمی کوردستانی لە ئیندێکس ژینگەی بازرگانی نزیکەی 5.7یە، لەکۆی 83 دەسەلاتی دادوەری ڕیزبەندی 57مین هەیە (EIU, 2014, 31). هەرێمی کوردستانی عێراق پلەی بەرزترە لە عێراق و ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا.

گرافیک 4.1: خاڵەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق و ناوچەکانی دیکە لەسەر ئیندێکسی ژینگەی بازرگانی،2014 دەخاتەڕوو




سەرچاوە: نوسەر ئامادەیکردووە لە ئیکۆنۆمیست وئینتلجینس یونت EIU، 2014، 33.

پێش داگیرکردنی خاکی عێراق لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و سووریا (داعش) لەساڵی 2014دا، هەرێمی کوردستانی عێراق شوێنی دڵخوازی چەندین کۆمپانیای بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی بوو. ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخێرایی گەشەی دەکرد و هەرێمەکە چێژی لە ژینگەیەکی ئەمنی و سیاسی جێگیر و ژێرخانی ئابووری و کارەبای باشتر لەبەشەکانی دیکەی عێراق هەبوو. جمووجوڵی سەرمایە و کاڵا و کەلوپەل لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی بیانی بەرفراوانتر بوو، چونکە مەرزەکان نوێنەرایەتی بنەڕەتی بازرگانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراقیان دەکرد. ئەم بەشانەی خوارەوە دۆخی ڕێساکانی بەڕێوەبردنی ژینگەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووندەکەنەوە.

#### 4.5.1 ڕێساکانی بازاڕی متمانە (کریدت)

بازاڕی کریدیتی هەرێمی کوردستانی عێراق توانای پارەدانی چالاکی ئابووری نییە و کەرتی بانکی و دارایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لاواز و ناچالاکە. بەدەست سنووردارکردنی بیرۆکراتی و ڕێنماییە کۆنەکان و کەمی قەرزەوە دەناڵێنێت، کە بەشداریی خۆی لە پارەدانی چالاکی ئابووری کەمدەکاتەوە. لە کۆی 49 دامەزراوەی بانکی و دارایی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان شەشیان بانکی حکومین، کە بەتەواوی فۆکووس دەخەنەسەر دابەشکردنی مووچە و کرێ گشتی و 43 بانک و کۆمپانیا داراییەکان لە لایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەندارێتی دەکرێن (گرووپی بانکی جیهانی، 2016، 25). کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەلایەن بانکی ناوەندی عێراق سەرپەرشتی ناکرێت. خزمەتگوزاری بانکی و دارایی لەنێوان بانکەکانی حکومەت و بانکە تایبەتەکاندا دەگمەنن گواستنەوەی دارایی بانکی لەنیو خۆدی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ هەموو بەشەکانی دیکەی عێراق کەم و قورسە. ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەنادەن دامەزراوە حکومییەکان پارە و حیسابی ئێستا لە بانکە تایبەتەکاندا بپارێزن و ڕێگەش نادەن بانکە تایبەتەکان مووچە و کرێی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بدەن.ئەم ڕەوشە ڕکابەری لە کەرتی بانکی دەشێوێنێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر خزمەتگوزاری بانکی و دارایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە. لەو کاتەوەی بانکە تایبەتەکان لەسەر سیستمی ئاڵۆزو دواکەوتوو و دەستیان بەسەرچاوەی گەورەی قەرز ناگات، ڕۆڵیان لە پارەدانی پرۆژەکانی کەرتی تایبەتدا سنووردار دەبێت. حکومەت بەشێوەیەکی کاریگەر بانکەکانی خۆی ئاراستەکردووە بۆ دابەشکردنی مووچە و کرێ بەسەر کەرتی گشتی و پێدانی پابەندییە داراییەکانی حکومەت بە کەرتی تایبەت، کە بانکە تایبەتەکانی خستووەتە بارێکی دارایی زەحمەتەوە (گرووپی بانکی جیهانی، 2016، 25).

لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێک لە بانک و کۆمپانیای داراییە تایبەتەکان دەتوانن پارە دابین بکەن بۆ کۆمپانیای بچووک و مامناوەندەکان (بازرگانی بچووک و مامناوەند SMEs). بڕی ئەو پارەی دەیدەن لەنێوان 2 بۆ 10 هەزار دۆلار لەگەڵ ڕێژەی سوودی لەنێوان 7% بۆ 12% ( ئەل سیقە بۆ مایکرۆفاینانس، 2019). لەگەڵ ئەوەشدا، بەشداریی ئەم دەزگایانە لە دابینکردنی کریدت بە کەرتی تایبەت لە 2%ی گەشەی بەرهەمی ناوخۆ GDP تێناپەڕێنێت (گرووپی بانکی جیهانی، 2016، 25). هەروەها، کەرتی بانکی و دارایی بەدەست کەمی

متمانەی گشتی دەناڵێنێت لە ئەنجامی ئەو داراییە دووبارەبووەوە شڵەژان و نائارامی ئابووری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق، کە توانای کەرتی بانکی و دارایی بۆ راکێشانی سەرمایە و وەبەرهێنان کەمدەکاتەوە. ئەمە تەحەدایەکی گەورەیە بۆ کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان (SMEs) لە بەدەستهێنانی پارە. لە ئەنجامدا، هەرێمی کوردستانی عێراق نمرەی نزمی 2.66 بۆ پێکهاتەی 5A لە ئیندێکسی EFW وەرگرتووە، کە نیشانی دەدات کەرتی بانکی و دارایی بە دەستە سنووردارکردن و رێنمایی زۆر دەناڵێنێت، کەرێگری لەتوانای بانکەکان بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر دەکات (خشتەی 4.1).

### 4.5.2 رێساکانی بازاڕی کار

بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەدەست یاسا و رێسای کۆن و کەمی شارەزایی تەکنیکی و زمانەوانی خراپ و ئەزموونی بەڕێوەبردنی سنووردار دەناڵێنێت ( EIU, 2014, 43-46). هەرێمی کوردستانی عێراق نمرەی ناوەڕاستی 6.98 وەرگرتووە بۆ پێکهاتەی 5B لە ئیندێکس EFW (خشتەی 4.1). لەسەرووی سنووردارکردنی ئازادی کرێکارانەوە، قەبارەی گەورەی حکومەت زیاتر بازاڕی کار دەشوێنێت. زاڵبوونی کەرتی گشتی بەسەر بازاڕدا بەربەستێکی سەرەکی پێکدێنێت بۆ هاندان و گەشەپێدانی توانا و لێهاتوویی هێزی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق. زۆربەی تاکەکان پێیانباشە لە کەرتی گشتیدا کار بکەن، چونکە سوودەکانی خانەنشینییان فۆ دابیندەکات، پشوویان زۆرە و دەوامی ئاساییە و پێویستی بە لێهاتوویی و توانایەکی زۆر نییە، ئەم سوودانە سنووردارن یان بەردەست نین لە کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ( هانس و هاوەڵان، 2014، 58). لەڕاستیدا، زۆربەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت پەیڕەوی دامەزراندن و دەرکردنی یاسا ناکەن و مافی کرێکار پارێزراو نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەویەک بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەتدا (قادر، رەحمان و ساڵەح، 2016، 4-6-).

### 4.5.3 رێساکانی بازرگانی

یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە 4ی ساڵی 2006 یەکێکە لەو یاسا بنەڕەتیانەی هانی ئازادی بازرگانی و وەبەرهێنان دەدات لە هەرێمی کوردستانی عێراق. یەکێکە لە یاسای وەبەرهێنانی ئازادیخواز لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا (نیکۆلۆڤا، 2013، 19). بەپێی یاساکە، وەبەرهێنەرێکی بیانی وەک وەبەرهێنەرێکی ناوخۆیی لەڕووی ماف و ئەرکەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. پرۆژەکانی وەبەرهێنانی بۆ ماوەی 10 ساڵ لە پێدانی باج و کرێ پارەدان دەبەخشرێن و یاسای وەبەرهێنان بەربەستی دارایی کەمدەکاتەوە بۆ هاوردەکردن و هەناردەکردنی سەرمایەی وەبەرهێنەر. لەساڵی 2006 تا 2019 ژمارەی پرۆژەی وەبەرهێنانی مۆڵەتپێدراو گەیشتە 890 پرۆژە و سەرمایەی وەبەرهێنانی بۆ زیاتر کە 52 ملیار دۆلار بووە و زیاتر لە 16 هەزار دۆنم زەوی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراوە، ئەم وەبەرهێنانە لەنێوان وەبەرهێنانی ناوخدا بەرێژەی 81% و وەبەرهێنانی بیانی بە 12% و وەبەرهێنانی هاوبەش 7% دابەش بووە( دەستەی باڵای وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2020، 4).

هەرچۆنێک بێت، رێسا بازرگانییەکان بە بێهیودە دەمێننەوە، کە ئازادی ئابووری کەمکردبێتەوە. ژێنگەیەکی وا گونجاو نییە بۆ کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی ناوخۆ و کارسازی نوێ بەهۆی ئەنجامدانی رێکاری بیرۆکراتی درێژ و گرانبەها. مۆڵەتی دەستپێکردنی بازرگانێکی نوێ پێویستی بە 10 بۆ 12 رێکارە و خولانەوەی درێژ لەنێوان چەندین دامەزراوەدا پێویستە، لەوانە بەشی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، ژووری بازرگانی، بەشی باج و داهات و بەشی تۆمارکردنی خانووبەرە. ماوەی ئاسایی 90 رۆژە و تێچووی تۆمارکردن نزیکەی 3 هەزار دۆلارە (بەشی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دهۆک، 2020). بەهۆی ئەم کۆت و بەندانەوە نمرەی هەرێمی کوردستانی عێراق تەنیا 4.8 بۆ پێکهاتەی 5C لە ئیندێکس EFW (خشتەی 4.1) تۆماردەکات. بەگشتی کۆکردنەوەی خاڵەکان بۆ رێساکانی متمان، کرو بازرگانی، نمرەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ رووبەڕی 5 رێساکان ( رێکخستن) 4.94، ئەم ئاستە ئاماژە بەوەدەکات کە ئازادی ئابووری بۆ هەڵگرتنی بازرگانی یان وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق نزمە، بۆیە رۆڵی وەبەرهێنان لە گەشەی ئابووری درێژخایەندا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە لاواز، ناسک و ناجێگیر دەمێنێتەوە. بۆیە سەرەڕای کۆمەڵێک یاسا و رێسای فراوان کە پشتیوانی لە ئازادی بازرگانی و وەبەرهێنان دەکەن، ژینگەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقب بەردەوام رووبەڕووی گەندەڵی، پاوانخوازی، بەربەستی بیرۆکراتی ئاڵۆز بە بەرپرسیارەتی دابەشکراو لەسایەی وەزارەت و دامەزراوە جۆراوجۆرەکاندا، نەبوونی شەفافیەت و داتای ناتەواو و نادرووست لەسەر زۆربەی کەرتە ئابوورییەکان بەهۆی لاوازی ئۆفیسی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لە بوونی ئابوورییەکی نافەرمی گەورە بە بنەمای ئابووری سەر بە پارە (کاش).

## 5 بەها و نۆرمەکان و بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

ئیندێکسی EFW بۆ ئازادی ئابووری ئەو رادەیە پێوانە دەکات کە حکومەتەکان ئازادی سنووردار دەکەن. هەرچۆنێک بێت، ئازادی ئابووری و توانای تاکەکان بۆ گرتنەبەری سوود وەرگرتن لێی کاریگەری لە سەر ستانداردی کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان هەیە. ئازادی ئابووری لەسەر بنەمای سیستمی هاوبەش و دامەزراویی بەها و نۆرمەکان، لەوانە رێزگرتن بۆ سیستمێکی دادوەری بێلایەن، نەک بۆ خێزان و خێڵ

و بەرژەوەندییەکانی دیکە.

کۆمەڵگەی کوردی بە کاراکتەری (کەسایەتی) کۆنەپارێز و عەشایەریی، کەتێدا بەهاکان، نۆرمەکان، خێزان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئاینی ڕۆڵێکی گرنگ لەرێکخستنی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا دەبینن. لەراستیدا، سرووشتی بەها و ئەم نۆرمانە داڕێژراوە بە بەهای نەریتی و کۆکەرەوە و کۆنەپارێزی کە ڕەنگە لەگەڵ بەها و نۆرمەکانی ئازادی ئابووری و دیموکراسیدا ناتەبا بن. بەپێی بەها و نۆرمە تەقلیدی کۆکەرەوەکان، ژیانی تاکەکان ملکەچی خۆشگوزارانی کۆمەڵەکەن. ژیانی تاکەکان لەسەر کۆمەڵەکەی چەقیوە لەناو گرووپەکەیدا کار دەکەن و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەندامێکی گرووپەکەی خۆیدا دەکەان. هەروەها، بەها و پەیوەندی خێزانی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە حکومڕانی و پەیوەندی ئابووری و پێکهاتەی لایەنە سیاسییەکانی کورد لەوانە پارتی و یەکێتی. بەم شێوەیە مامەڵەی ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنان لەناو سیستمێکی بەها کۆمەڵایەتییەکاندا و پەیوەندی خێزانی و سیاسی کە نەریتی و کۆنەپارێزن بەڕێوەدەچن لەسایەی ئەم ئەڤلیتەدا هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کۆنترۆڵی سیاسی ، ئابووری، میدیا و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەن. بەم شێوەیە مامەڵەی ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنان لەناو سیستمێکی بەها کۆمەڵایەتییەکاندا ئەنجامەدرێت و پەیوەندی خێزانی و سیاسی کە نەریتیی و دیاریکراوە، دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە دەستی چینێکی دیاریکراوی سەرۆک هۆزەکان و جەنەراڵەکانی پێشووی خزمەتگوزاری ئەمنی و سەربازی (پێشمەرگە) چڕ کردۆتەوە. زۆرجار ئەم چینە سیاسی و کۆمەڵایەتیە پابەندی یاسا و ڕێساکان نییە بەهێزەوە، چونکە خۆیان بەهێزتر و بەرزتر لە کار و چوارەچێوە دامەزراوەیەکان دەزانن. سیستمێکی پەیوەندییان لەگەڵ زۆربەی سەرۆک هۆزەکان درووستکردووە و لەڕووی داراییەوە پشتیوانیان لێدەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی دەنگەکانیان لەخوولەکانی هەڵبژاردندا.

زۆربەی مامەڵە بازرگانییەکان بەبێ ڕکابەری و شەفافیەتی ئازاد جێبەجێدەکرێن. پرۆژە گورەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی وەک پرۆژەی ژێرخان و نیشتەجێبوون، نەوت و گاز، پەیوەندی و بازرگانی دەرمان و جگەرە لەنێوان کەرتەکانی دیکەدا بەقازانجی چەند کەسێک لەناو هۆزە دیاریکراوەکاندا دابەشکراوە کە دڵسۆزن بۆ حزبە دەسەڵاتدارەکا، زیاتریش بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆربەی کارەکانی حکومەت. لە ئەنجامدا درندەیەکی بەرفراوان تۆڕی چاودێریکردن و لایەنگریکردن، نوخبەی سەرمایەداری بنیاتناوە کە زاڵە بەسەر چالاکیە ئابوورییە سەرەکییەکاندا. بۆیە بەها و نۆرمە عەشایەرییە تەقلیدییەکان ئەخلاقی بازرگانی و ئازادی وەبەرهێنان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی شیواندووە و متمانەی تاکەکەسی بە سیستمی بازاڕ کەمکردووەتەوە و ڕێگربوون لە گەشەپێدانی دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هەروەها کاریگەری نەرێنی لەسەر ئازادی تاکەکان، ئازادی کار و یەکسانی ڕەگەزی هەیە. زۆر کەس بێ هیوا دەبن لەکارکردن لە هەندێک بازرگانیدا، چونکە ئەوان وەک کاری کۆمەڵایەتی ژێر بەناو (واتە کارکردن بۆ کەسی دیکە) دەبینرێن.

ئازدی ژنان بۆ ئەنجامدانی چالاکی ئابووری ئازاد سنووردارە. ژنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەژێر مشتومڕی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و ئاینییدا رووبەڕووی دەستدرێژی و توندتیژی دەکرێنەوە، لەوانە هاوسەرگیری پێشوەخت، فرەژنی، شەرم شوشتن. بەپێی راپۆرتی فەرمی 2019، حاڵەتەکانی توندتیژی دژ بەژنان بەردەوام روو لە زۆربوونە و زیاتر لە 8509 حاڵەتی توندتیژی دژی ژنان تۆمار کراوە، کە بریتین لە 30 حاڵەتی کوشتن، 46 حاڵەتی خۆکوشتن، 125 بریینداری سووتان، 81 حاڵەتی خۆسوتان و 93 دەستدرێژی سسێکسی (هیفۆ، 2020). لەوەش زیاتر، جیاوازییەکی زۆر لەرووی خاوەندارێتی لەنێوان پیاوان و ژنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق هەیە: 26.2%ی زەویی لە لایەن ژنانەوە خاوەندارێتی دەکرێت لەکاتێکدا پیاوان خاوندارێتی 73.8% زەوییەکانن ( UN-FAO, 2020). ڕێژەی ئەو ژنانەی کە خەرێکی بازرگانی و وەبەرهێنان زۆر کەمە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، چونکە کۆمەڵگە بەچاوێکی کەم سەیری ئەو ژنانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن دەکات. لە ئەنجامدا، بەشداریی ژنان لە بازاڕی کاردا لەخوار 15% یە( فەرمانگەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان و IOM و UNFPA، 2018، 38).

لەگەڵ ئەوەشدا، باری یاسایی ژنان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق باشترە، چونکە هەرێمی کوردستانی عێراق کۆمەڵێک یاسا و دامەزراوەی هەیە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی ژنان. عێراق خاوەنی ئەو یاسا و دامەزراوانە نییە بۆ پاراستنی مافو ئازادییەکانی ژنان (هیومان رایتس ووچ، 2019). بەدیاریکراویش یاسا و رێساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لەگەڵ بنەماکانی پەیمانی نەهیشتنی جیاکاری لە دژی ژنان (CEDAW) دەگونجێت لەوەی کە لە عێراق هەیە. هەروەها، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەتایبەتی مامەڵە لەگەڵ پرسی ژناندا بکات، دەزگای دامەزراوەیی دامەزراند و پشتیوانی لە جێبەجێکردنی جێندەری لە سیاسەتکردندندا وەک هەبوونی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی کەیسەکانی توندتژی دژ بەژنان و دادگاکانی توندتیژی خێزانی و ئەنجومەنی باڵای کارووباری خانمان لە پەرلەمان بۆ ئامۆژگاریکردنی وەزارەتەکان لەسەر جێندەر (ئەنجومەنی باڵای کارووباری خانمان، 2012).

ئەم یاسا و ڕێساو کارانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی نایەکسانی ڕەگەزی و ئاستی توندتیژی دژ بەژنان و فرەژنی و هاوسەرگیری پێشوەختە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەراورد بە عێراق. ئیندێکسی نایەکسانی جێندەر، کە نمرەی نزمتر ئاماژە بە نایەکسانی کەمتر دەکات لەسەر بنەمای تەندرووستی زاوزی، تواناسازی و بەشداریی هێزی کاری بازاڕ. نمرەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە 2014 لە عێراق کەمتر بووە، کە هەرێمی کوردستان 0.48 و عێراق 0.56 بوو(UNDP-Iraq, 2014). هەروەها

لەکاتێکدا ڕێژەی هاوسەرگیریی تەمەنی کەم (تەمەنی 15-19) لە هەرێمی کوردستان 10% و لە عێراق 19% بووە، واتە هەرێمی کوردستان کەمتر بووە لە عێراق (کایا، 2018). تێڕوانینی ژنان کورد لەبارەی ڕەوش و بارودۆخەکەیان کەمێک ئەرێنیترە لە ژنانی عێراق، بۆ نموونە کەمتر لە ژنانی هەرێمی کوردستان پێانوایە کە هیچ یەکسانییەک لەنێوان ژن و پیاودا نییە لە عێراق (بەگشتی 40% لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەراورد بە 76% لە عێراقدا) (کایا، 2018).

لەڕاستیدا پێشکەوتنی ڕەوشی ژنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەراورد لەگەڵ عێراق ڕەگی کلتووری و کۆمەڵایەتی هەیە. ژنان ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد یەکێک لە کراوەترین کۆمەڵگەی ئیسلامیە کاتێک ئازادی و مافەکانی ژنان ڕەچاو دەکرێت ( نیکیتین، 1956، 173-180(. هیشتا خێڵ و بنەماڵەی کورد هەن کە پێشەنگایەتی ژنان بەڕێوەدەبرێن، پێگەی ژنان لە کلتووری کوردیدا لە هەندێک حاڵەتدا لە پیاوان بەرزترە. بەم شێوەیە ژنان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن لەئاستێکی بەرزتر لە ئازادی ئابووری لە عێراق بەهرەمەند بن.

کۆکردنەوەی، سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییە  کۆمەڵایەتی و کولتوورییە هەمەجۆرانەی کە پاڵپشتی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەن، هیشتا هاوئاهەنگییەکی بەرچاو هەیە لە بەها و نۆرمەکانیکۆمەڵایەتی نەریتی و پەیوەندی خێزانی و دڵسۆزی حیزبی لەگەڵ بازاڕدا لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری لە کارکردن بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و کاریگەر سنووردار دەکات.

**ئەنجامەکان**

هەرێمی کوردستانی عێراق چەندین ڕێوشوێنی گرتووەتە بەر بۆ پشتیوانی و پەرەپێدانی دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری لەڕێگەی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسکانا و بەرنامەی چاکسازی لە کەرتی گشتی پاراستنی مافی موڵک و دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی بازرگانی و بنیاتنانی وەبەرهێنانی تایبەت و  مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵۆگۆڕی بازرگانی و کارسازی نوێ. ئەمەش بووەتە هۆی باشکردنی ژینگەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی دامەزراوە ئابووری و سیاسیەکانیش هیشتا گەنج و بێ کاریگەر و ناسەقامگیرن، کە ئەمەش لە ئەنجامی بەشێک لە کاریگەری مانەوەی لەژێر دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و ئەمنی حکومەتەکانی پێشووی عێراق و بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان کە ناکۆکن لەگەڵ بازاڕی ئازاد و حکومڕانی باش و دیموکراسیدا. زۆربەی یاساکان و بەرنامە چاکسازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک کاخەزێک (نامەیەک) مردوو لێهاتووە و ماونەتەوە.

ئازادی ئابووری بە ئەندازەی هەڵوەشاوەیی حکومەت و سیاسەتکردن و مەرکەزییەتی تووند لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئابووری و داراییەکان و پشتبەستنی زۆر بەداهاتی نەوت و نەبوونی شەفافیەت و سستی و لاوازی سیستمی یاسایی، سیستمێکی دادوەری کە سەربەخۆ نییە و ئاڵۆزی بیرۆکراسی و داتای ناتەواو و نادرووست لەسەر زۆربەی کەرتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و بوونی ئابووری نەقدی (کاش) و گەندەڵی، لایەنگری، نیوپۆتیزم، تەمبەڵی ئیداری و پۆز لێدانی کۆمەڵایەتی. بۆیە دامەزراوە سیاسی و ئابوورییە شێواوەکان سەریهەڵداوە کە ئامانجی سەرەکییان سەپاندنی کۆنترۆڵی حیزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان و بەها و نۆرمە خێڵە کییەکانە بەسەر کۆمەڵگا و سەرچاوە ئابوورییەکان. ئەم هۆکارانە دامەزراوەکانی ئازادی ئابوورییان پەک خست و شێواند، بە بەها باشەکان و نۆرمەکانی بازاڕی ئازادەوە. لە کۆتاییدا، ئەم ئاستەنگانە کاریگەری نەرێنیان لەسەر پلەبەندی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە کە بە 5.154 مەسەندەکراوە، ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق  ئازاد نییە.

سەرچاوەکان

James D. Gwartney, Robert A. Lawson, Joshua C. Hall, Ryan H. Murphy, Justin T. Callais, Rosemarie Fike, Vincent Geloso, Nijdar S. Khalid, Fred McMahon, & Martin van Staden. *ECONOMIC FREEDOM OF THE WORLD.* 09 17, 2021. ECONOMIC FREEDOM OF THE WORLD (accessed 09 18, 2021).

Khalid, Nijdar S. *The State of the Institutions of Economic Freedom in the Kurdistan Region of Iraq.* Annual, Vancouver: Fraser Institute, 2021.